# رووسیا رۆبۆتێکی هاوشێوەی ئارنۆڵد دروست دەکات

زۆر جار کۆمپانیا جۆراوجۆرەکان هەوڵ دەدەن سوود لە ناسناوی کەسایەتییە هونەری و وەرزشییەکان وەربگرن، بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجی ماددی، جا بە هەر شێوەیەك بێت و، هەندێك جار رەزامەندیی کەسایەتییەکەش وەرناگرن.

بەم دواییە کۆمپانیای (برۆمۆبۆت)ی رووسی کە تایبەتە بە دروستکردنی رۆبۆت، بێ ئەوەی رەزامەندیی ئارنۆڵد شوارزنیگەر-ی ئەستێرەی سینەمایی و حاکمی پێشووی ویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکی وەربگرێت، هەستاوە بە بەرهەمهێنانی رۆبۆتێك لەسەر شێوەی کەسایەتیی ئارنۆڵد لە فیلمی (تیرميناتۆر) کە لە چەند بەشێك پێکهاتووە و یەکێك بووە لە فیلمە پڕ بینەرەکان، هەروەها بەو هۆکارەوە زۆرترین ژمارەی رۆبۆتیان لە سەرتاسەری جیهان فرۆشتووە.

لەلایەن خۆیەوە ئارنۆڵد لەم هەنگاوەی کۆمپانیای ناوبراو بێ دەنگ نەبوو، سکاڵایەکی یاسایی دژی کۆمپانیاکە بۆ دادگا بەرز کردەوە و، بە تۆمەتی بەکارهێنانی ناو و وێنەی تۆمەتباری کردووە، بەوەی کە بێ ئەوەی رەزامەندیی خۆی وەربگرن،ئەو کارەیان کردووە. هەروەها مارتی سینگری پارێزەری ئارنۆڵد داوای لە کۆمپانیاکە کردووە کە نمایشکردنی ئەو رۆبۆتە رابگرن، تا ئەو کاتە لەگەڵی دەگەنە رێککەوتنێك.

دوای داواکاریی پارێزەرەکەی ئارنۆڵد، نمایشکردنی رۆبۆتەکەی لە لاس ڤیگاس راگیرا، بەڵام دواتر لە مانگی شوبات دووبارە هەستان بە نمایشکردنەوەی رۆبۆتی ئارنۆڵد لە میانەی پیشانگای نیۆیۆرك بۆ يارييە ئەلیکترۆنییەکان.



# جاکلین باسی لایەنە رەشەکەی بۆلیۆد دەکات

خانمە ئەکتەری بۆلیۆد جاکلین فرناندێز لە دیمانەیەکدا چەند نهێنییەکی ترسناکی تایبەت بە ژیانی هونەرمەندانی بۆلیۆد ئاشکرا کرد، کە بۆ بەشێکی زۆر لە هەوادارانی بۆلیۆد مایەی شۆك بوو، چونکە ئەمە یەکەم جۆرە ئەم نهێنییانە بزانن.

لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ رۆژنامەی Pinkvilla سەبارەت بە سەرەتاکانی کارکردنی لە بۆلیۆد وتی: «داوام لێکرا کە نەشتەرگەرییەکی جوانکاری بۆ لووتم ئەنجام بدەم، هەروەها پێویستە ناوی خۆیشم بگۆڕم بۆ مۆسکان، چونکە پێیان وابوو، ناوم تا رادەیەك سەیرە.»

لەو دیمانەیەدا کە میوانەکان باس لە ژیانی تایبەتی خۆیان دەکەن، جاکلین بە وردی و راشکاوانە باسی لەو ئاستەنگانە کرد کە سەرەتا هاتنە سەر رێگای کاتێك بڕیاری دا روو لە بۆلیۆد بکات، جاکلین دەڵێ: «ئەوەی بە رواڵەت لە بۆلیۆد بڕوانێت، پێی سەرسام دەبێت، بەڵام لە راستیدا وا نییە، من لەو بڕوایەدا نەبووم کە بۆلیۆد بەم شێوەیە تاریکە لە کاتێکدا لە رواڵەتدا وا نیشان دەدرێت کە جیهانێکی پاك و بێگەردە.

ئەو خانمە ئەکتەرەی بۆلیۆد باس لەو پێشنیارە سەیرانە دەکات کە پێشکەشی دەکران و گۆڕینی ناو و نەشتەرگەریی لووت بە سەیرترینیان دەزانێت و دەڵێ: بە وردی بیرم لە پێشنیارەکان دەکردەوە و پرسیاری ئەوەم لە خۆم دەکرد: ئایا پێویستە ئەم کارانە ئەنجام بدەم؟ بەڵام بڕیارم دا کە هەر خۆم بم، بە گشتی هەستم بە شەرمەزاری دەکرد، کە بیرم لەو پێشنیارانە دەکردەوە کە جێبەجێکردنیان بە تەواوەتی دەیگۆڕیم، تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵ پێوەرەکانی سینەمادا بگونجێت. من بە هیچ شێوەیەك رازی نەبووم، چونکە من چۆنم، خەڵك وا دەمناسێت، هەروەها هەر لە منداڵییەوە ئەو تایبەتمەندییەی کە لە رووخسارمدا زۆر خۆشم دەوێ، بریتی بووە لە لووتم.»



# ١٠٠ ئافرەتە جوانترینەکەی جیهان دیاری کران





ساڵانە جوانترین ئافرەتی جیهان لە نێو ناسراوەکاندا بەتایبەتی ئەکتەر و گۆرانیبێژان دیاری دەکرێن و، بەپێی ڕێژەی ئەو دەنگانەی بەدەستی دەهێنن لە سەرتاسەری جیهان، هەڵدەبژێردرێن.
زۆر جار بەشێك لە ئەکتەرەکان بۆ چەند ساڵێك لە پلەکانی پێشەوە دەمێننەوە و هەندێکیان دەنگی زۆر لە دەست دەدەن و، چەندین پلە دەچنە دواوە، تەنانەت بەشێکیان لە دە یەکەمەکان دەردەچن، لە ساڵی ٢٠١٩ چەند ئافرەتێك بەهۆی جوانی و هێز و کەسایەتییان سەرنجی ملیۆنان دەنگدەر ڕادەکێشن، ئەوانەی بەشداریی دەکەن لە ڕاپرسییەکەدا، بەڵام جوانی تەنیا جوانیی روخسار نییە، چونکە چەند پێوەرێکی دیکەش هەیە، کە پشت بە سەرنجڕاکیشیی ڕۆحی و کەسایەتی و دەنگ و جوانیی دڵ و دەروون دەبەستێت و ڕۆڵێکی سەرەکییان هەیە لە کاتی دەنگدان، سەرەڕای ئەوەی کە هەر ئافرەتێك جوانیی تایبەت بە خۆی هەیە.
لە هەڵبژاردنی جوانترین ئافرەتی ساڵی ٢٠١٩ دەنگدەران هەموو پێوەرەکانیان لەبەرچاو گرتووە، لە کۆی ١٠٠ جوانترین ئافرەت ریزبەندی ٦ ئافرەتی یەکەم بەم شێوەیە بوو:
١- ئیملیا کلارك. ٢- ئامبر هیرد. ٣- ئەلیکساندرا داداریا. ٤- ئەنجلینا جۆلی.
٥- دیبیکا بادکۆن. ٦- سیلینا گۆمێز.





## نارین فەقێ بۆ گوڵان:

# کاتی ئەوە هاتووە گرنگی بە موزیکی رەسەنی کوردی بدەین



دەربارەی کلیپە نوێیەکەی نارین دەڵێ: «لە سەرەتای ئەم ساڵەوە یەکێك لە گەورەترین کارەکانم پێشکەش کرد بە ناوی (ژن ژیانە) کە گوزارشت بووە لە خەباتی ئافرەتی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و بانگەوازێك بوو بۆ ئەوەی بە پشتبەستن بە رەسەنایەتیمان پێویستە لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانی جیهان خۆمان بگونجێنین، لە چەند رۆژی رابردووشدا بە بۆنەی رۆژی جیهانی موزیکەوە بەرهەمێکی نوێم بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (ئەز و تۆ) کە بۆ جاری یەکەمە مەقام بە شێوازێکی جوانتر پێشکەش دەکرێ».

نارین فەقێ زیاتر دەڵێ: «تێکست و ئاواز گۆرانییەکە لەلایەن مامۆستا ئەدیب چەلکی ئامادە کراوە، کە چەندین ساڵە خزمەتی هونەر و ئەدەبی کوردی دەکات و، کاری جوان و دانسقەی پێشکەش بە من و زۆر لە هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان کردووە، منیش حەزم کرد پێشکەوتنێك لە هەنەری رەسەنی میللەتی کورد بکەم و بەرەو ئاستی بەرزتر بە شێوازێکی نوێ و مۆدێرن هەنگاو بنێم. لە ئێستادا زۆر هونەرمەندی نۆێ دەرکەوتوون بە ستایل و موزیکی جیا کە لە کوردەوە دوورن، گۆرانی دەڵێن، بە جۆرێك من خۆم هەستم کرد کە ئیدی گوێمان لە هونەری رەسەن دوور دەبێتەوە، گۆرانی (ئەز و تۆ) مەقامێکی رەسەنە، ئەمەش یەکەم جارە مەقام بکرێتە کلیپ کە تییدا سرووشی دڵڕفێی کوردستان زۆر بە جوانی نیشان دەدرێت، لەلایەن



**نارین فەقێ، خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان، لە سەرەتای ساڵەوە نوێترین ڤیدیۆ کلیپی خۆی بڵاوکردەوە، کە یەکێکە لە بەهێزترین پەیامەکانی ئەم خانمە هونەرمەندە لە ساڵی ٢٠٢٠و لە چەند رۆژی رابردووشدا کلیپێکی نوێی بڵاوکردەوە بە ناوی (ئەز و تۆ) کە تا رادەیەك جیاوازە لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووی لە زۆر رووەوە.**

کۆمپانیای ئێچ دی ئێم میوزیك پرۆدەکشن بە سەرپەرشتی دەرهێنەری بە توانا هەژار دهۆکی زۆر بەباشی تۆمار کراوە و عەلی شاکری هاوسەرم کاری ئەرانجمێنتی بۆ کردووە».

دەربارەی پەیامی سەرەکیی لەو کلیپەدا نارین فەقێ دەڵێ: «ئەمە هەوڵێکە بۆ ئەوەی گۆرانی و موزیکی رەسەنی کوردی پاك و بێگەرد بە شێوەیەکی جوان پێشکەش بکەم و، گوێچکەی جەماوەری کوردی پێ ئاشنا بکەم و، بە گوێرەی توانا بیانگەڕێمەوە سەردەمی زێڕینی هونەری کوردی، چونکە ئێستا لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستمان بە کار و بەرهەمی هونەری پاك هەیە، پێموایە کاتی ئەوە هاتووە، گرنگی بە هونەری رەسەنی کوردی بدەین، بۆیە پەیامی من سەرەتا بۆ هونەرمەندە رەسەنەکانە کە پێویستە هونەری کوردی زیندوو بکەینەوە و نیشانی خەڵکی خۆمان و بیانیی بدەین و، گەنجەکانمان وشیار بکەینەوە لەوەی پێویستە مۆرکی هونەری کوردی لە دەست نەدەن، هەروەها پەیامێکم بۆ خانەوادەکانیشیان ئەوەیە کە پێویستە منداڵەکانیان وا پەروەردە بکەن کە گوێ لە بەرهەمی رەسەنی کوردی بگرن و لە رووی هونەرییەوە پەروەردە بکرێن بە هونەری رەسەنی کوردی، ئەرکی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش زۆر گرنگە لەم رووەوە».

دەربارەی کاریگەری بارودۆخی کوردستان لەسەر هونەری کوردی، نارین دەڵێ: «مخابن لە ساڵانی رابردوو بەتایبەتی دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بارودۆخی کوردستان ئاڵۆز بوو لە زۆر رووەوە، بواری هونەریش بە گشت لقەکانییەوە بەتایبەتی گۆرانی و موزیك بێ بەش نەبوو لەو کاریگەرییە، ئەمەش لە هەموو لایەکمان دەخوازێت کە بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە هەوڵ بدەین هونەری کوردی دووبارە بگەڕێنینەوە ئاستی جارانی و زیاتریش پێشی بخەین و لە کاریگەرییەکانی دۆخی نەخوازراوی کوردستان دووری بخەینەوە و هەوڵی دووبارە زیندوو کردنەوەی بدەین».

سەبارەت بە رۆڵی سۆشیال میدیا لە بڵاوکردنەوەی کارە هونەرییەکان نارین رایوایە «لە دوای ئەو قەیرانەی کۆرۆنا لە جیهان دروستی کرد، رۆڵ و کاریگەرییەکانی سۆشیال میدیا بە باشی دەرکەوتن، کە رۆڵێکی ئەرێنیی هەیە لە پێشخستنی هونەر، هونەرمەندانی جیهان سۆشیال میدیا بە گشتی و یوتیوبیان بەتایبەتی کردە سەکۆیەك بۆ نیشاندانی بەرهەمەکانیان و بینەرانی یوتیوب لە سەرتاسەری جیهان زیادیان کرد، تەنانەت لە رووی ماددیشەوە توانییان هاوکاری زۆر پەیدا بکەن بۆ کارەکانیان.

نارین تیشك دەخاتە سەر کاریگەریی سۆشیال میدیا لەسەر بڵاوبوونەوەی هونەری رەسەنی کوردی و دەڵێ: «بەداخەوە ئێمەی کورد نەمانتوانیوە وەك پێویست بۆ پێشخستنی هونەرەکەمان سوود لە سۆشیال میدیا وەربگرین، بەتایبەتی بەشێکی زۆری گەنجەکانمان، چونکە ئێستا کەسانێکی زۆر گۆرانی دەڵێن بە ستایلی جیاواز و بێ ئەوەی هیچ سانسۆرێکیان لەسەر بێت و، لە سۆشیال میدیا بڵاوی دەکەنەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر گەنجان هەیە، بۆیە پێویستە گەنجەکانمان لەسەر خۆشویستنی هونەری رەسەنی کوردی و گوێگرتن لێی پەروەردە بکەین».



مەی حەریری:

# لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بڕوام بە شانس هەیە

**خانمە هونەرمەندی لوبنانی مەی حەریری لە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی بە کاری هونەری کردووە و، لەو کاتەوە توانیویەتی سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بهێنێت، بەجۆرێک زۆر لە دەرهێنەر و بەرهەمهێنەران داوایان لێی کرد، بەشداریی لە نواندنیشدا بکات و، کاری باشیشیان پێشکەش بکات، بەڵام ئەو پێی باش بوو، تەنیا لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا درێژە بە کارە هونەرییەکانی بدات. جگە لە کاری هونەری بەشداریی لە چەندین چالاکی خێرخوازیشدا کردووە، بەتایبەتی بۆ منداڵان لە ژێر سەرپەرشتیی رێکخراوی یونسێف.**

■

خانمە هونەرمەندی لوبنانی مەی حەریری، سەرەتا تیشک دەخاتە سەر هونەر بە گشتی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ و هەر لەو بارەیەوە دەڵێ: «ئێستا خەڵك حەز لە شتی خێرا دەکات، جاز و پۆپ و رۆك ئەمانەی دەوێ، بەڵام ناتوانین بڵێین سەردەمی هونەری پێشوو بەسەر چووە، هەرچەندە من لەو سەردەمەی ئێستادا دەژیم، بەڵام یەکێکم لەو کەسانەی کە زۆر حەز لە دەنگ و گۆرانییەکانی لەیلا موراد و گۆرانییە کۆنەکان بگرم، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە هونەرمەندانی ئێستا لە ئاستێکی بەرزدا نین، بە پێچەوانەوە ئێستا هونەرمەندی زۆر بە توانا هەن کەواتە هونەر هەر بەردەوامە، بەڵام هونەری ئێستا لق و پۆپی زۆری لێ بووەتەوە و فراوان بووە ئەمە سەبارەت بە هونەری گۆرانی گوتن».

سەبارەت بە هونەری رەسەنیش دەڵێ: «ئەو هونەرەیە کە هونەرمەندێك بەرێز پێشکەشی دەکات رێزی خۆی و ئەو هونەرەی پێشکەشی دەکات دەگرێت، هونەری نارەسەنیش ئەوەیە کە کەسانێك بە ناوی هونەرەوە شتی سووك پێشکەشی دەکەن کارەکان لە ئاستێکی ئەوەندە نزمدان کە مرۆڤ رووی نییە تەنانەت سەیریشیان بکات».

سەبارەت بە ناکۆکیی نێوان هونەرمەندان و هێرشکردنە سەر یەکتری، مەی حەریری دەڵێ: «من دوورم لەو شتانە و حەز ناکەم بچمە نێو ناوەرۆکیانەوە و باسیان بکەم، بەڵام هەست دەکەم لە ئەنجامی ئیرەیی بە یەك بردنی هونەرمەندان ئەو ناکۆکییانە دروست دەبن، زۆر ئاساییە کەسێك رەخنە لە کاری هونەرمەندێك بگرێت، بەڵام بە مەرجێك ئەم رەخنەیەی لە پێناو پێشخستنی کارەکەی و دووبارە نەکردنەوەی ئەوە هەڵانە بێت کە پێشتر لە بەرهەمەکانیدا بەدی کراون».

سەبارەت بە مەرجەکانی سەرکەوتنی هونەرمەندان بەتایبەتی ئافرەتان مەی تیشک دەخاتە سەر هەوڵی هەر هونەرمەندێک بۆ سەرکەوتن و دەڵێ: «هەندێك کەس هەن کە ناتوانن لە بواری هونەریدا سەرکەوتوو بن و شوێنی خۆیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی سەرنەکەوتنی خۆیان داپۆشن و لە سەرکەوتنی هونەرمەندانی تر کەم بکەنەوە ناچار دەبن ئەم جۆرە قسانە بکەن، من بە ئەرك و ماندوو بوونی خۆم گەیشتوومەتە ئەو ئاستەی ئێستا کەسیش ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات یان پێم بڵێ ئەوەی بەدەستت هێناوە بە ئەرك و ماندوو بوونی خۆت نەبووە، چونکە باش دەزانن من چیم کردووە تا بتوانم بەردەوام بم، لەوانەشە ئافرەتی وا هەبن بەو کاری وا پێشکەشی دەکەن کە جەماوەر بە کاری نەشیاو و قێزەوەنی ناو ببات و نەتوانن بەردەوام بن و کارەکانیان هیچ مەرجێکی هونەری تێدا نەبێت ئەمانە دەرفەتیان بە کەسانێك دابێت ئەو جۆرە قسانە بکەن».

مەی لەو بارەوە زیاتر دەڵێ: «پێویستە هەموو کەسێك کاتێك قسەیەك دەکات، یان لێدوانێك دەدات، سەبارەت بە هەر شتێك سەرەتا دەبێ بە ئینسافەوە قسە بکات و بێلایەن بێت و لە هەمان کاتدا خەمخۆری ئەو شتە بێت کە رەخنەی لێدەگرێت و زیاتر مەبەستی پێشخستنی بێت، ئەگینا نابێتە رەخنە بەڵکو من بە دژایەتیکردنی دەزانم، کەس ناتوانێت حاشا لە هونەری لوبنانی و رەسەنایەتی گۆرانی و موزیکی لوبنانی بکات و وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد ئێستا هونەری لوبنانی قۆناغی زۆری بڕیوە و پێشکەوتووە، سەبارەت بەوانەی کە بە (جەستە گۆرانی دەڵێن) منیش دەڵێم کەسانێکی وا هەن لەوانەیە رۆژێك لە رۆژان منیشیان بەوە تاوانبار کردبێت، بەڵام هونەری رەسەن و پاك و ئەوەی دەچێتە ناخی جەماوەرەوە هەر بە زیندوویی دەمینێتەوە و شوێنی خۆی لە نێو دڵی جەماوەر دەکاتەوە، من ناڵێم ئەو دیاردەیە نییە، بەڵێ لە لوبنان و لە زۆر شوێنی دیکەی جیهانیش ئەمە هەیە، بەڵام جەماوەر هونەری راستەقینە جیا دەکاتەوە لە هەر هونەرێکی دیکە و تەنانەت ئەوانەی کە دەستخۆشیش لەو ئافرەتانە دەکەن کە بە جەستە گۆرانی دەڵێن و چەپڵەیان بۆ لێدەدەن ئەوانیش بڕوایان بەو جۆرە کارانە نییە و تەنیا بۆ کاتێکی کەمی دیاریکراوە رەنگە دەستخۆشییان لێ بکەم، کە ئەویشیان لە دڵەوە نییە، بۆیە ئەو جۆرە گۆرانیبێژانە دیاردەیەکی کاتین و ناتوانن بەردەوام بن، تەنانەت ئەگەر هەموو پشتبەستنیشیان بە جەستە و خۆدەرخستنیش بێت».

ئایا شانس رۆڵی لە سەرکەوتنی هونەرمەندان هەبووە؟ مەی حەریری لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێ: «بێگومان هەر مرۆڤێك لە ژیان لە خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان بێ بەش نییە، ئەمەش قسمەتێکە و بۆی دیاریکراوە، من وەك مرۆڤێك زۆر بڕوام بە شانس هەیە، لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، چونکە جاری وا هەبووە زۆر یاوەرم بووە و رۆڵی سەرەکی هەبووە لە سەرکەوتنم، جاری واش هەبووە لێی بێ بەش بووم لە کاتێکدا زۆر پێویستم پێی بووە».

**سەرچاوە: صدی البلد**

